قائیمقامیەتی شاری سلێمانی ئاماری کارو چالاکی مانگی رابردووی لیژنە هاوبەشەکان ئاشکرا کرد

قائیمقامیەتی شاری سلێمانی ئاماری کارو چالاکی مانگی رابردووی لیژنە هاوبەشەکان ئاشکرا کرد.

لە مانگی رابردوودا لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلێمانی، زیاتر لە حەوت هەزار سەردانیان بە شوێنەکان ئەنجامداوە و بەراورد بە ئامارەکانی مانگی پێشوو، ژمارەی سەرپێچییەکان کەمیکردوە.

ئەمە سەشەممە (5ـی کانونی یەکەمی 2023)، قائیمقامیەتی سلێمانی ئاماری کاروچالاکی مانگی رابردوی لیژنە هاوبەشەکانی بڵاوکردەوە و ئاماژە بەوەکراوە، لە ئەنجامی سەردانە بەردەوامەکانی لیژنە هاوبەشەکان بە دوکان و بازاڕ و شوێنە گشتییەکان حەوت هەزار و 135 سەردانیان ئەنجامداوە و لەو ژمارە 675 پسولەی سەرپێچی تۆمارکراوە کە بەراورد بە مانگی پێشوتر ژمارەی پسولەی سەرپێچی کەمیکردوە، هەروەها ئونکراوەتەوە کە لە مانگی رابردوودا لەلایەن لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلێمانییەوە 308 شوێن ئاگادارکراونەتەوە کە پابەندی مەرج و رێنماییەکانی کارکردن بن لەکاتکدا مانگی پێشوتر ژمارەکە 405 شوێن بووە.

ئاماری کاروچالاکی لیژنە هاوبەشەکانی سلێمانی ئەوەی خستوەتەڕوو، لە مانگی رابردوودا و بەهۆی چەند بارەکردنەوەی سەرپێچییەکانیان، لەلایەن بەشی یاسای قائیمقامیەتی

سلێمانیەوە پێنج شۆن رووبەڕووی دادگا کراونەتەوە، هەروەها بۆی ئەو کاڵاوشمەکە خراپ و ماوە بەسەرچوانەی لەلایەن لیژنەکانەوە دەستی بەسەردا گیراوە 16 تۆن و 663 کیلۆگرامە و لە ناوچەی دەرەوەی نیشتەجێبون لەناوبراون، بەڵام لە مانگی پێشوتردا بڕەکەی 93 تۆن و 873 کیلۆگرام بووە، کە گشتی پارەی سەرپێچیکانیش بریتییە لە 60 ملیۆن دینار کە بەپێی یاسا دەخرێتەوە سەر داهاتی گشتی.